Kurdistan.net کوردستان نێت

# لەم قۆناغەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ کلاسیکدا بکەین ؟!

ئامۆ هەورامی

ئەدەب و هونەر بە گشت ژانرو لقەکانیەوە وەک هەموو بەشەکانی دیکەی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ خالی دەستپێکی هەیەو بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت و تێپەڕیوە.

لێرەدا ناچمە نێو سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هیچ قوتابخانەیەکەوە ئەوەندەی مەبەستمە قسە لەسەر ئەو پرسیارەی سەرەوە بکەم.

ئێمەی کورد لەبەرەبەیانی مێژووی رۆشنبیرییەوە تا ئەمرۆ خۆمان خودان هیچ رێچکەیەکی تایبەتی رۆشنبیری و هونەری خۆمان نین و هەموو شتەکان خوازراون هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی رۆشنبیرانمانە هەرتەبێت بتوانین مامەڵەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە لەگەڵ گەشەسەندنی کارواتی رۆشنبیری خۆماندا بکەین بۆ ئەوەی دوانەکەوین.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لەگەڵ نەبوونی هیچ میتۆدێکی تایبەت بە خۆمانین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین ناوی دیارمان هەیە کە دەکرێت شانازییان پێوەبکرێت و ئەم دیاردەیەش نەک لای ئێمە لای زۆرانی دی لەگەلانی دنیا هەیەو بگرە ئێمە گەلێک لەوانە

> **و ئێمەی کورد لەبەرەبەیانی مێژووی رۆشنبیریەوە تا ئەمرۆ خودان رێچکەیەکی تایبەتی رۆشنبیری و هونەری خۆمان نین**

بە توانار دیارترین و توانیومانە وەک گەلێکی ژێردەست درێژە بە کاروانی رۆشنبیری خۆمان بدەین و سامان و بەها ئەدەبیەکانمان بپارێزین، لە گەلانی دەوروبەرماندا چەندین نمونەی بەرچاو هەن کە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی و لاسەلایی خۆیانەوە نەک ئەدەب بگرە خۆشیان تیاچوون لەوانەش (ئازەریەکان) کە ئێستە بوونەتە تورک و دیترە شیعرێکیان تەنانەت دابونەریتیان لەناوچووە.

بەڵام دەبینین گەلانی وەک (فارس و عەرەب) کە دوو نمونەی زیندوو ترێکی ئێمەن گەلێک بایەخ بە ئەدەبیاتی خۆیان دەدەن ئەوەتا کەسێکی وەک (حافیزی شیرازی) بایەخێکی کەم وێنەی پێدراوەو دەیان رۆشنبیری فارس چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر شیعرەکانی کردوەو دەیان جاریش دیوانەکانی چاپکراونەتەوە.

(ئەدۆنیس)ای گەورە شاعیرو رۆشنبیری عەرەب و زۆرانی دی وەک محەممەد ماغوت و ...هتد جارێکی دی دەیانەوێت ئەو سامانە کۆنە ئەدەبیەی عەرەب هەر لە سەردەمی جاهیلی و (معلقات سبعة)ەوە تا دەگاتەوە مرتەنەبی و ئەبوعەلای معەری و ...هتد. جارێکی دی بە دیدێکی تازەوە لەوانە دەکۆڵنەوەو چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردون بە مەبەستی زیندوکردنەوەیان و تۆکمەکردنی بونیادی ئەدەبی و رۆشنبیری عەرەبی بە دیدێکی تازەو هاوچەرخ.

بەڵام بە داخەوە رۆشنبیری کورد لەم قۆناغەدا (تاک و تەرا نەبێت) نەک هەر ئاوڕ لە کلاسیک نادەنەوە بگرە دەیانەوێت ئەو سەردەمە هێڵی چەپ و راستی بەسەردا بهێنن، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە قۆناغی هەرە پێشکەوتووی ئەدەبی کوردیە بۆیە دەبێت بکرێتە خالی سەرەتاو دەسپێکی پاشینەی رۆشنبیری کوردی و تاکی کوردی.

لە پەیدابوون و گەشەسەندنی رێڕەوەکانی رۆشنبیرییەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی بە شێوەیەکی زانستیانە (بەتایبەت رەخنەو لێکۆڵینەوە) کە توانیان ئەو تەقلیدە بشکێنن کە پێشتر بۆ دەق دانرابوو هەر لە هەوڵی بنەما خوازەکان و شەکلانی و هەڵوەشاندنەوە خوازەکان و ئەوانی دیکەوە دەق وەک یەکەیەکی گرنگی خوێندنەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا. دەق و خوێندنەوە بوونە دوو چمکی زانستی، کە دیارە ئەمەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیەو خوێندنەوەش پرۆسەیەکی پراکتیکییە لەگەڕان بە دووی مەدلولە شاراوەکانی ئەودیو دەقدا.

دەق بریتییە لە کۆی ئەو (دال)ە ستاتیکی و فەلسەفی و هارمۆنیانەی کە لە نێو دەستەواژەو هێماو دەلالەتەکانیدا هەیە بۆیە تەنیا لە ئەنجامی کارکردن و هەڵکۆڵیندا دەتوانین بەدیانیان بکەین. ئەمەش پەیوەستە بە توانای ئاراستەو



رۆلان بارت

ئەبستیمی خوێنەرەوە. بارت لە کتێبی (چێژی دەق)دا دەق بەم شێوەیە ناودەبات (چێژی دەق، خۆشی دەق، دەقی چێژدار، دەقی خۆشی بەخش) ئەمانە ئەو چوار بنەمایەی دەقن کە دووجۆر خوێنەر دروست دەکەن (خوێنەری دەقی چێژدار، خوێنەری دەقی خۆشی بەخش)و بەلای بارتەوە خوێنەری یەکەم ئەو کەسەیە تەواوکەری کەسی یەکەمی (دەق) نووس بێت.

(کە ئەم دەستەواژەیە، پەیڤە، سەربردەیە، بەچێژەوە دەخوێنمەوە واتە بە چێژەوە نووسراوە-چێژی دەق-رۆلان بارت) مخابن..رەخنەو خوێندنەوەی کوردی تا ئێستا بە دەگمەن نەبێت نەیتوانیوە یان نەیویستوە ئاوڕ لەو قوتابخانە گەورەیەی ئەدەب بداتەوە کە کلاسیکەو پەی بە جیهانی بەرینی کلاسیک و گەورە کلاسیزمەکان ببات و مامەلەیەکی دروستیان لەگەلدا بکات لە کاتێکدا دەبوو ئەو چەندین نووسەرو رەخنەگرە تازانەی ئێمە بە روئیایەکی سەردەمانەو مۆدێرنانەوە کاریان لە نێو دەقە کەم وێنەکانی (نالی، مەولەوی، مەحوی، خانای قوبادی، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی و چەندینی دیکەدا کردبایەو گروپ



کامۆ

و گۆڤاری تایبەتی ئەو بوارەمان هەبووایە نەک وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت (بەداخەوە) گەر بتەوێت پێت بوترێت نوێخوازو تازەگەر... دەبێت بە هیچ جۆرێک باس لەو ناوانە نەکەیت!!

لە کاتێکدا قسەکردن لە تازەگەری بەمانای رەتکردنەوەی ئەوەی پێش خۆت نایەت و بە پێچەوانەوە تازەگەری دەبێت لەسەر بنەمای رۆشنبیرییەکی هەمەلایەن و گشتگیر بێت کە کلاسیک بەشێکی هەرە گرنگی ئەو رۆشنبیرییەو کارکردنی بەردەوام و هەلکۆلین و هەلێنجانی پەنهانی ئەودیو (داله)کانی ئەو دەقە کلاسیکیانە دووبارە بەدەرخستنی ئاستی رۆشنبیری ئێمەی کوردە لەو قۆناغەدا.

*** قسەکردن لەتازەگەری بەمانای رەتکردنەوەی ئەوەی پێش خۆت نایەت**

بە وردبوونەوە لە دەقە نەمرەکانمان چەندین شتمان بۆ ئاشکرا دەبێت لە کاتێکدا دەبینین ئێمەی کورد لە باسکردنی (بۆ نمونە) (العدم/الوجود) یان (العبث) پەنادەبەینە بەر نمونەکانی (سارتەرو کامۆ...هتد) بە مەرجێک بۆ نمونە کێشەی (بوون/ نەبوون) لەلای کەسێکی وەک مەحوی گەلێ پێشتر باسکراوە

عەدەم خۆشتر بوو لەم ژینە....(مەحوی)

یان چەندین نمونەی دیکەی زیندوی (نالی و مەولەوی).. دەبینین کەسانی وەک (نالی، شێخ نوری شێخ صالح) کە هەنگاوی تازەکردنەوەی شیعری کوردیان داوە مەبەستیان هەلگەڕانەوە (انقلاب) نەبوو بەسەر شیعری پێش خۆیدا ئەوەتا گۆران (ئەحمەد هەردی) بە قوتابخانە ناودەبات!!.

سەیرە کەسێک بانگەشەی رۆشنبیری بکات و خەتمی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی نەکردبێت!!

لەو بڕوایەدام ئەوەی شێرکۆ بێکەسی کردە ئەو شاعیرەی ئەمڕۆ لە


شێخ نوری شێخ سالح

جیهاندا باس بکرێت شارەزایی بوو لە دنیای کلاسیکداو بەیتە شیعرەکانی نێو (دەربەندی پەپولە) کە بەناوی نالییەوە نووسیویەتی نمونەی ئەو راستیەن!

من لێرەدا بانگەشەی ئەوە ناکەم رۆشنبیری کورد دەبێت بە هەمان میتۆدو بیرکردنەوەو شێوازی (نالی) یان هەر کەسێکی دیکەی لەوانەی باسم کردن بنووسێت بگرە دەمەوێت بێژم سەیرە تا ئێستە هیچ کام لەو دەقانە نەخراونەتە بەر هیچ کام لەو جۆرە خوێندنەوانە لە کاتێکدا میتۆدێکی دیاریکراو نییە لەو رێبازە رەخنەییانەدا بۆ خوێندنەوەو دەستنیشان کردنی جۆری دەق!!

لە کاتێکدا هەر یەک لە بەیتەی شیعری ئەو شاعیرانە هەلگری چەندین ئاماژەو دەلالەت و هێمایەو هەلدەگرێت چەندین خوێندنەوەی جیاجیایان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین دەقی دووەم (مەبەست لە خوێندنەوەیە) بە شێوەیەکی تازە لەو دەقە کلاسیکیانە هەلێنجنین، چونکە ئاشکرایە خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقێکدا دەقی دووەم بەرهەم دەهێنێت.

دەبا ئێمەش لە قۆناغی پاش نوێگەرییدا لە دەقە کلاسیکیەکانمان دەقی تازە دروست بکەین!!

* * *